کۆشکی سپی: دانوستانەکانی ئێران وئەمریکا لەعومان زێر ئەرێنی و بنیاتنەر بووە

کۆشکی سپی ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند، ستیڤن ویتکۆف، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران کۆبوونەوە و وتوێژی "زێر ئەرێنی و بنیاتنەر"ی لەگەڵدا کردوە، هەروەها شەممەی داهاتو جارێکی دیکە شاندی هەردو وڵات کۆدەبنەوە.

کۆشکی سپی، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ستیڤن ویتکۆف، نێردەی تایبەتی ئەمریکا لەگەڵ عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران کۆبوونەوە و گفتوگۆی "زێر ئەرێنی و بنیاتنەر"ی لەگەڵدا کردوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، ستیڤن ویتکۆف نێردەی تایبەتی ئەمریکا دەنیایی داوەتە عەباس عەراقچی کە ڕەنمایی لە ترەمپ وەرگرتوە بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردو وڵات لە ڕێگەی دیالۆگ و دیپلۆماسییەوە، ئەگەر بتوانرێت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی کۆشکی سپی، ئەو پرسانە لەڕادەبەدەر ئاڵۆزن. ئەو پێیوەندییە ڕاستەوخۆیەی ئەمە لەلایەن نێردەی تایبەت ویتکۆفەوە ئەنجامدراوە، هەنگاوەکە بە پشتوە بەرەو بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی سودبەخشی دولایەنە بە هەردو وڵات و ڕۆژی شەممەی داهاتو هەردولا جارێکی دیکە

کەدەبنەوە.

لەلایەکی دیکەوە ستیڤ ویتکۆف، نەردەی تایبەتی ترەمپ لەبارەی دانوستانی ئەمەی نەوان ئەران و ئەمریکا لە عومان پەیامەکی لە پلاتفۆرمی "X" بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، "گفتوگۆیەکی زۆر ئەرێنی و بونیادنەرمان ئەنجامداوە و ئەمە دەگەڕێەوە بە ئەمریکا".

هاوکات عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئیران ڕایگەیاند، "دوای دو کاتژمێر و نیو دانوستانی ناڕاستەوخۆی نەوان شاندەکانی ئەران و ئەمریکا لە کۆشکی بنیاتنەرانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر، کەبونەوەکە کۆتاییهات و شاندەکانی هەردولا بە ماوەی چەند خولەکێک لە کاتی چونەدەرەوە قسەیان کرد و هەفتەی داهاتوش ئەم دانوستانانە بەردەوام دەبن".